ڕادۆڤان کرادزیچ کێیە ..؟!

ڕادۆڤان کرادزیتش (Radovan Karadzic) لەبەروارو کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم لە ١٩٤٥/٦/١٩ لەشاری پیتنجیکای (شاخی ڕەش) (petnjica) لە وڵاتی یوگوسلافیای پێشوو (jugoslavia) لەدایک بووە . ئەم پیاوە پزیشکی دەروونی و دەرمان سازو هۆنەر (شاعر) بووە لەساڵی ١٩٧٥/١٩٧٤ یەک ساڵ وەکو تایبەتمەندی کاری پزیشکی دەروونی لەزانکۆی کۆلۆمبیا لەئەمریکا خوێندویەتی ( ) . columbia university in the city of new york

دووای خوێندنی ئەو یەک ساڵەی ئەمریکا گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی یوگوسلافیاو لەوێ لەشارو نەخۆشخانەی (kosevo) کاری کردووەو لەهەمان شوێندا لەساڵی ١٩٨٤بۆماوەیەک زیندانی بووە لەسەر دزینی پارەی نەخۆشخانەکەو دوواجار لەساڵی ١٩٨٥ دا جارێکی تر ٣ سێ ساڵی تر زیندانی کراوە بەهەمان شێوە لەسەر دزینی پارەو دەرمانی دەوڵەت . ناوبراو لەساڵی ١٩٨٩ دا بەشداری کاری ڕامیاری دەکات و لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی سربیا لە (بوسنە/ هەرسک) دا بەئەنجامی دروست کردن و کۆکردنەوەی کۆماری (سرب / بوسنە) دا بەشداری کردووەو تێیدا سەرکەوتنی بەدەست هێناووەو لەساڵی ١٩٩٠ بووە بە سەرۆکی وڵات . ئەم ناوە سامناکە (ڕادۆڤان کرادزیتش) کتومت هاوشێوەی ناوی مرۆڤ کووژانی وەکو (سەدام و هیتلەرو ستالین و.. هتد) ە .

ئەم پیاوە ترسناک و خوێن ڕێژە سەرکردەی (سرب . بوسنە) بووە لەمێژووی دەسەڵاتی ئەوروپای نوێدا (١٩٩٠/١٩٩٥) نمونەی دەگمەنە لەزووڵم و کووشتن و کۆمەڵ کووژی مرۆڤدا بۆیە نازناوی ئەندازیاری کۆمەڵ کووژی (المهندس القتل الجماعي) بەسەردا سەپێنراوە لەلایەن میللەتی بۆسنەوە . نمونەی کارە دژبەمرۆڤایەتی یەکانی زۆرن بەڵام ناودارترینیان کەکۆمەڵ کووژی گەلی بۆسنەیەو هەشت هەزار (٨٠٠٠) مرۆڤی تێدا خەڵتانی خوێن کراوە لەساڵی ١٩٩٥ دا ئەویش شەڕی ترسناک و کووشتارگەی (سربرینیتسا) یە ئەوەی شایانی باسە هەموو کووژراوانی ئەو شەڕە تەنها میللەتی موسوڵمانی بوسنە بوون . ئەوەی شایانی باسیشە لەلایەن ئەمریکی یەکانەوە پێنج ٥ ملیۆن دۆلار دانرابوو بۆئەو کەسەی کەئەم پیاوە بدۆزێتەوە یان هەواڵی بگەیەنێتە پۆلیس . ئەم پیاوە (ڕادۆڤان کرادزیتش) خۆی سەربەئایینی مەسیحەو سربەو سەرکردەی وڵاتی سربی یەکان بووەو لەساڵی ١٩٩٥ ەوە بەقاچاغ لەوڵاتدا خۆی شاردۆتەوە چونکە لەدووای کووشتاری بەناوبانگی (سربرینیتسا) ١٩٩٥ هەر لەو ساڵەوە دادگای سزای نێودەوڵەتی (المحكمة الجزاء الدولية) لە وڵاتی هۆڵەندا لەشاری لاهای بڕیاری گرتنی دەرکردووە بەڵام ئەم پیاوە گوێی بەدادگاو یاسا نەداوە بۆیە نزیکەی ١٣ سیانزە ساڵ خۆی حەشار داووەو نەچووە بەرەوپیری بڕیارەکەی دادگای نێودەوڵەتی لەلاهای . لەڕۆژی هەینی و لەبەرواری ٢٠٠٨/٧/١٨ دا لەشاری بەلغرادی پایتەختدا کەنزیکەی ١.٥ ملیۆن و نیوێک خەڵکی تێدا دەژی لەناو پاسێکدا دەستگیر دەکرێت و بەڵام بەدەموچاوی گۆڕاوو ناوی گۆڕاوەوە .

لەکاتی گرتنی (ڕادۆڤان کرادزیتش) دیمەنێکی گەڵێ سەیر بەدی دەکرێت لەو پیاوەدا چونکە بەهیچ شێوەیەک لەخۆی نەدەچوو لەبەرئەوەی ڕیشێکی درێژو سمێڵێکی زل و پرچێکی درێژی کۆکراوەو ناوێکی هەڵەو درۆیینە (تزویر) بەناوی (D.Dragan) بەڵام لەگەڵ ئەوەی کەتەواو دەموچاوی گۆڕیبوو وەهەروەها ناوەکەیی و بڕوانامەیەکی پزیشکیشی دروست کردبوو بۆ خۆی کە وەکو پزیشکێکی یابانی و چینی کەمیوان بێت لەبەلگراد کاربکات و ماڵپەڕێکیشی بۆ فرۆشتنی داوودەرمان دروست کردبوو . گەرچی بەزیرەکی خۆی توانی ١٣ ساڵ بژی و نەگیرێت و کۆمەڵێ پارەش پێکەوە بنێت بەڵام کۆتایی فرۆفێڵ هەر ڕسوایی یە ، بۆیە نمونەو پەندێکی عەرەبی هەیە دەڵێ (من عاش بالحيلة مات بالفقر) وواتای ئەوەیە (هەرکەس ژیان بەفرۆفێڵ و ساختەو درۆ بەسەر ببات بەهەژاری دەمرێت) . لەکۆتایی و لەکاتی گرتنیدا پۆلیسی نهێنی بەلگراد ڕەوانەی دادگای ناوبراوی دەکەن و دووای ٤ چوار ڕۆژ لەگرتنی لەدادگای لاهای دەردەکەوێت بەڵام ئەویش لەدادگادا بەرامبەر ئەو هەموو تاوانانەی کەکردویەتی بێدەنگی هەڵدەبژێرێ و هیچ ناڵێت و بەرگری لەخۆی ناکات . ئەوەی شایانی باسە هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی دەستگیرکردنی (ڕادۆڤان کرادزیتش) لە هەمان ڕۆژو بەرواری دەستگیرکردنیدا خەڵکی موسوڵمانی بۆسنە دەرژێنە سەر شەقام و ڕێگاکان و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن و هەروەها لەهەمان کاتدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو فەڕەنسا پیرۆزبایی لەووڵاتی سربستان دەکەن و مژدەی نزیک بوونەوەی هاتنە ناووەوەی وڵاتەکەیان بۆ ئەوروپای یەکگرتوو ڕادەگەیەنن . ئەوەی شایانی باسە دوو سەرکردەی سەربازی سربەکان ماون و ڕاکردوون لەیاسای نێودەوڵەتی کەئەوانیش دەستیان لەخوێنی هەزاران موسوڵمانی بوسنەدا هەیەو ئەوانیش ناویان (راتکو ملادزیتش) (Ratkomladzic) کە جێگری خۆیەتی و مرۆڤ کووژێکی سامناکە لەناوچەکەداو (هادزیتش) ە (Hadzic) کەسەرکردەیەکی سەربازی بکوژوو ببڕ خۆیان بوون و کەئەوانیش هەتا ئێستا خۆیان حەشار داووەو دادگای ناوبراو بەدووای ئەوانیشدا دەگەڕێ و هەتا بەسزای یاسایی خۆیان بگەن . سربیا وڵاتی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتەو نزیکەی ٩.٠٠٠.٠٠٠ ملیۆن مرۆڤی تێدا دەژی و ٨٨٦٣١ هەزار مەتری چوارگۆشەیەو زمانی فەرمی سربی و پارەشیان دیناره و ئاینیشیان مەسیحی (ئارتوزکزی) ە دوو ناوچەی گەورەی هەیە لەباشوورەوە کۆسۆڤۆ کەئێستا سەربەخۆیە ، لەباکوورەوە فوفودینا کەئێستا نیمچە سەربەخۆن و دەسەڵاتی خۆیان هەیە (خود موختاری) . سربیا پایتەختەکەی بەلگرادەو نزیکەی ١.٥ ملیۆن و نیوێک مرۆڤی تێدا دەژی ، سەرۆکی ئەم وڵاتە ناوی (بۆریس تادزیتش) ە (Boris Tadzic) ەو .. هتد .

مەبەستی هەڵبژارنم بۆ ئەم بابەتەو نمونە هێنانەوەم لەسەر زاڵمی و بکووژی مرۆڤ و تاوان دەرهەق بە مرۆڤایەتی ئەوەیە کە ئەم جۆرە باسانە لەڕاستیدا چیرۆکی ڕاستەقینەن دەبنە پەندی باش بۆ ئەو سەرکردەو لیپرسراوانەی جیهان کە زووڵم و نایەکسانی و کووشت و کووشتارگە دروست دەکەن بۆ مرۆڤی بێ دەسەڵات و بێ چەک (مدني) . لەباتی گرنگی دانی دەسەڵات بەمرۆڤ خۆیی و کردنەوەی باخچەو کتێبخانەو قوتابخانەو خزمەتگوزاری بۆیان هەروەها باشتریش وایە کە زووڵم لەهیچ کەسێک و مرۆڤێک نەکەن چونکە لەکۆتاییدا ژیانی خۆیشیان بە فرۆفێڵ و زووڵم کۆتایی دێت .



م . حەمید عەزیز

Hamidvv٣@hotmail.com

سەرچاوەکان :

ئەم ڕۆژنامە (سویدی) یانە

Svenska Dagbladett . Läst Dagens Nyheter ٢٢ juli ٢٠٠٨.

(TT-Dagens Nyheter AFP), ٢٣ juli ٢٠٠٨. Läst ٢٣ juli ٢٠٠٨.

ڕۆژنامە لەنێوان پەیامی ڕاستین و سوکایەتی پێکردندا

هەر بڵاوکراوەیەک ئەگەر پەیامێکی ڕاستینی بۆ ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەی خەڵک نەبێ، ناتوانێ درێژە بە ژیان بدات، لە ئاکامیشدا لەنێو کۆمەڵگەدا جێگەی نابێتەوە، بەڵکو ریسوایی و گومڕایی بۆ دەمێنێتەوە.

ئەگەر ڕۆژنامەوانی وەک ویژدانی زیندووی کۆمەڵگە چاولێبکرێ، دەبێ زۆر ڕاستوێژانە هەواڵ و زانیاریەکان بە خەڵک بگەیەنێ، ئەگەر بۆ بازرگانی و سامان کۆکردنەوەش بێ، دەبێ شێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش و تایبەت بەخۆی هەبێ، بەڵام ئەمڕۆ لە نێو پانتایی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کوردستاندا کەسانێکی نەشارەزا بە هونەرو دنیای ڕۆژنامەوانی بۆ مەبەستێکی تایبەت دێن و چەند لاپەڕەیەک ڕەش دەکەنەوەو ناوی ڕۆژنامەیەکی لەسەر دادەنێن، لەکاتێکدا ئەو کەسانە نە سەریان لە هونەری ڕۆژنامەوانی دەردەچێ، نە شێوازی سەرنجڕاکێش بە ڕۆژنامەکە دەبەخشن، نە مۆنتاژو دیزاینێکی هونەریشی بۆ دەکەن. ئەو بەناو ڕۆژنامانە لە بەراییدا بەڵێنی زل بە خوێنەر دەدەن، دواتر زیانێکی گەورە بە بزاڤی ڕۆژنامەوانی دەگەیەنن، لەهەمان کاتدا دەرگەی سوکایەتی پێکردن و هێرشکردنە سەر خەڵک بەرەو پێدەدەن و دەیانەوێ لەو ڕێگەیەوە ژەهری دەروونی نەخۆشیان بەسەر خەڵکدا بڕژێنن. مرۆڤی دەروون نەخۆش ئەگەر دەست بۆ قەڵەمیش ببات، نەخۆشی دەکات، سەری لێدەشێوێنێ و بەرەو ئاراستەیەکی چەوت تاوی دەدات. جا هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی ژیرانەو زانستیانەو ئەکادیمیانە لەسەر ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بکەین، دەبینین هەندێک لەوان، بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە پەلەقاژەی مەرگەوە سەریان دەرهێناوە، هێرشکردنە سەر کەسانی تێکۆشەرو ڕووناکبیر دەکەن بە ئامانجی خۆیان، سەرەتای کار بە جنێو و کاوێژکردن دەست پێدەکەن، کزو لاواز لەبەردەرگەی ویژدانی خۆیانەردا هەڵدەکورمێن و لێی دەخوازن کە ئاوڕێکیان لێ بداتەوە.

لەنێو ئەو لاپەڕە ڕەشکراوانەدا، هێ وای تیایە کە شیاوی ئەوەشنیە کە ناوی بڵاوکراوەی گەڕەکێکی لێ بنرێ، چونکە هەموو بابەتەکان لە بازنەو خولگەیەکی دیاریکراودا دەسوڕێنەوە، تەنانەت ڕستەو دەستەواژەکانیش دووپات و دووپات دەکرێنەوە، ئەمەش دەستکورتی بەڕێوەبەرانی ئەو بڵاوکراوەیە لە وشەو پەیڤی کوردی و کەم توانایی ئەوان لە زمانی کوردیدا دەردەخات.

لەنێو ئەو بڵاوکراوانەدا هی وا هەیە، بە مردوویی لە دایک دەبێ، ئەگەر تیف تیفەش بدرێ و بە ڕەنگاو ڕەنگیش بڕازێندرێتەوە، چەندە پارەشی لێ سەرف بکرێ، هەر بێ جێگەو شوێن لە نێو پانتایی ڕۆژنامەگەریدا دەمێنێتەوە، بە سوک سەیر دەکرێ و ناتوانێ خوێنەری کەمیش بۆ خۆی پەیدا بکات، تەنانەت وای لێدێ کە بۆ ڕاخستن و خوانیش دەست نەدات.

ڕۆژنامە ئەوە نیە لاپەڕەکانی خۆی بە قسەی سواو، بەهەواڵی دووپاتکراوە، بە بابەتی بێ ناوەڕۆک، بە شرۆڤەی نازانستی پڕ بکاتەوە. ڕۆژنامە دەبێ خاوەن ئادگارو ڕوانینی خۆی بێ، پێناسەی خۆی پێشان بدات و لەیەکەم نیگادا بناسرێتەوەو خۆی پێناسە بکات، بەڵام ئایا تا چەند ئەم ڕێسایە لە ڕۆژنامەوانی کوردستانیدا ڕەچاو کراوەو ڕەچاو دەکرێ؟!

وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چاوەڕوانی دەرچوونی ژمارە نۆبەرەی هەر بڵاوکراوەیەک دەکات تا مۆڵەتی پێبدات، ئامانجیشی بەرەوپێشەوە بردنی بزاڤی ڕۆژنامەگەری و بەگشتیکردنی هەواڵ و زانیاریەکانە، بەڵام بڵاوکراوەیەک ئەگەر بەمردوویی لە دایک ببێ، هەقە مۆڵەتی کارکردنی پێنەدرێ، بەتایبەتیش ئەوانەی کە سوکایەتی بە کەسەکان و بە کۆمەڵگەیش دەکەن.

بڵاوکراوەیەک کە لە ژمارە سفریدا سەر لە خوێنەر بشێوێنێ و دوو ڕۆژ و دوو ساڵی جیاواز بۆ دەرچوونی خۆی بنووسێ، دەبێ خوێنەر چ چاوەڕوانییەکی لێ بکات؟! ئەگەر ڕۆژنامەیەک بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانی بابەتێک دووجار بەتەنیشت یەکەوە بڵاو بکاتەوە، دەبێ چ متمانەیەک لای خوێنەر دروست بکات؟!

لەدایک بوونی هەر ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەک، واتای خۆی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ، بەڵام ئەگەر ئەو لەدایک بوونە، پەیامێکی ڕاستینی لەگەڵ دا نەبێ، وردە وردە دەپوکێتەوە، تا ئێستا دەیان ڕۆژنامەو بڵاوکراوە وەکو کوارک هەڵتۆقیون و دواتریش بێ دەنگ و بێ سەدا بەرەو نەمان ڕۆیشتوون و کەسیش هەواڵی نەپرسیون. لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی بێ پەیام، وەکو ماسی بێ ئاو پەلەقاژە دەکات و بەرەو مەرگ شۆڕ دەبێتەوە، بەڵام ئایا تا ئێستا هیچ یەک لەو بڵاوکراوە بێ پەیامانە بوێری ئەوەیان تێدا هەبووە کە قامک لەسەر ڕاستیەکان دابنێن و دان بە هەڵەو کێماسیەکانی خۆیان دابنێن؟! و ماڵئاوایی بکەن و مەرگی خۆیان ڕابگەیەنن؟!

دیاردەی نەشیاو و گەنیوی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری ئەوەیە کاتێک کەسانێک بەهەر هۆیەک بێ، لە حزب و ڕێکخراوێک دادەبڕێن و دوور دەکەونەوە، سەرەتا پێداگری لەسەرناوو ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیە دەکەن و خۆیان وەکو ڕێکخراوە ڕەسەنەکە دەناسێنن، دواتر کە دەزانن ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوە لە دەستیان دانیە، ئیتر بۆ بڕەودان بە چەواشەکاری پەنا بۆ ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی دیکە و ساختەکاری دیکە دەبەن و وا لەخەڵک دەگەیەنن کە ڕێکخراوە کۆنەکە ئۆرگانێکی نوێی دەست پێکردووە، بەڵام خوێنەری هۆشیارو لێزان هەر لە دەستپێکەوە تێدەگات ئەوەی ناوی ئۆرگانەکە دەگۆڕێ، واتای ئەوەیە کە دابڕاوەو ڕەسەن نیە.

کەسانێک کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکەوە مەبەستی دزینی ناوی حزب و ڕێکخراوێکیان هەبێ، هەرگیز دەست لە ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوە هەڵناگرن، بەڵام ئەوانەی چەواشەکاری دەکەن و دێن ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی نوێ بەناوی ڕێکخراوە دێرینەکە بڵاو دەکەنەوە، لەپێش هەموو شتێکەوە درۆ لەگەڵ ویژدانی خۆیان دەکەن، ئەوان دەزانن کە ئەو ڕێکخراوە بەو ڕۆژنامەیە ناسراوەو دەناسرێتەوە، کەواتە پەنا بردن بۆ ڕۆژنامەی نوێ، بەدرۆخستنەوەی خۆیەو ئاکامیش ماندوویی و هەناسە سارديان بۆ دەمێنێتەوە.

کەسانێک کە بۆ مەبەستی تایبەتی و سامان کۆکردنەوە دەست بە سەر ناوی ڕێکخراوێک و ڕۆژنامەیەک دادەگرن، دەبێ لێکدانەوەی ورد بۆ بڕگەکانی یاسا بکەن و بزانن کە ئایا لە ڕووی یاساییەوە ئەو کارە ڕێی تێدەچێ و سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ یان نا؟!

ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان بەسەر دوو دیوی پەیامی ڕاستین و چەواشەکاریدا دابەش دەکرێن، ئەوانەی پەیامی ڕاستینیان هەبێ، بەزیندوویی دەمێننەوە، ئەوانەی دیکەش ریسواو شەرمەزار دەبن و بەرەو گۆڕ شۆڕ دەبنەوە.

سەربەست کانەبی

ڕۆژی گەل

هەفتەنامەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیری گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

خاوەنی ئیمتیاز:

ڕێکار ئەحمەد

سەرنووسەر:

حوسێن حەسەن

ژمارە تەلەفۆنی خاوەنی ئیمتیاز:

٠٧٥٠١١٩١٤٩٧

ژمارە تەلەفۆنی سەرنووسەر:

٠٧٥٠٤٤٧١٦٣١

ئۆفیسی سلێمانی

گەڕەکی ڕزگاری،

نزیک مزگەوتی حەزرەتی ئیبراهیم،

بەرانبەر زانکۆی ئەمریکا،

ژمارەی تەلەفۆن ٠٥٣٢١٠٩٢٥٦

ئۆفیسی هەولێر

شەقامی ئاراس

پشت مزگەوتی ئەوقاف ژمارەی خانوو١٢

ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٧٩٨٤٦

ئۆفیسی کەرکوک

حەسیرەکە،

بەرانبەر نەخۆشخانەی ڕزگاری،

ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٧٠١٣٢٥٠٨٠

ئۆفیسی ڕانیە

شەقامی نالی،

بەرانبەر گەراجی نەورۆز

کتێبخانەی ڕۆژی گەل

ژمارەی تەلەفۆن ٠٧٥٠١١٦٣٨٠٥

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com